# ڕاپۆرتی سازمانی نەتەوەیی زانیاری ئەمریکا لە مەڕ بەرنامەناوەکیەکانی رژیمی ئاخوندی ئێران و چەند قسەیێك

سیامەند



لە دوای ئەوەی سازمانی نەتەوەیی زانیاریی ئەمریکا، ڕاپۆرتی لە سەر ڕاگرتنی گەڵاڵەکانی رژیمی ئاخوندی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی لە ساڵی ٢٠٠٣ بڵاو کردەوە، دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی و ناوەندە تەبلیغاتیەکان و تلویزیون و رۆژنامەکانی ئەو رژیمە، بە شێوەیێکی بەربڵاو دەستیان دایە پروپاگەندە و شادی کردن و ئەو ڕاپۆرتەیان بە سەرکەوتن بۆ رژیم و شکستی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی ناوهێنا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە چۆنە ناوەندێکی زانیاری ئەمریکایی فریشتەی نەجاتی رژیمی ئێرانە و ئاخوندەکان لێدوان و حەکەمیەتی ئەو ناوەندەیان قەبوڵە و بە راستگۆی دەژمێرن. مەگەر ئاخوندەکان بە بەردەوامی پروپاگەندەی ئەوە ناکەن کە سازمانە ئیتلاعاتیەکانی ئەمریکا، سەرچاوەی بەدبەختی لە جیهاندان و بە دەست سەهیونیستی جیهانیەوەن و کێشە و ئاڵۆزی لە جیهاندا دروست دەکەن.

لەلاییێکی دیکەوە بۆچی دەبێ دەسەڵاتدارانی رژیم ئەو زانیاریانەی ناوەندێکی زانیاری و ئیتلاعاتی ئەمریکا بە بەڵگە لە سەر بەریی بوون و بێ تاوان بوونی خۆیان و پاك بوون و بێ مەبەست بوونی گەڵاڵە ناوەکیە مەترسیدارەکانیان بژمێرن. ئەگەر ناوەرۆکی

ئەو ڕاپۆرتە بە گشتی لەلایەن ئاخوندەکانەوە پەسەندە، کە وایە ئەو بەشەی کە دەڵێ سەرانی رژیم لە پێش ساڵی ٢٠٠٣، لە هەوڵی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دا بوون، ئەویش راستە و دەسەلمێنێ دەسەڵاتدارانی ئێران لە مەرحەلەییێکدا لە هەوڵی وەدەست هێنان و دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیدا بوون، خۆ هەر ئەوە بەڵگەییێکی باشە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی جیهانی و خەڵکی ئێران ترس و گومانەکانیان لە سەر گەڵاڵە ئەتۆمیەکانیانی رژیمی ئاخوندی زیاتر بێ نەك کەم بێتەوە.

ئەو ڕاپۆرتە ئەگەر هێندێك خاڵی سەلبی بۆ هەوڵەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە مەڕ نەهێشتنی بەرنامە مەترسیدارەکانی رژیم تێدا بێ و ئەوە نیشان بدا کە رژیمی ئاخوندی لە ساڵی ٢٠٠٣ هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی راگرتوە، لایەنی گرینگی ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی رژیمی ئێران هەوڵی دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیان داوە، ئیتر ئەوە بەو مانایە نیە کە لە داهاتوودا رژیمی ئاخوندی ناتوانێ سەر لە نوێ هەوڵ بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی بدات.

مەسەلەییێکی جێگەی سەرنجتر ئەوەیە کە چۆنە لە ساڵی ٢٠٠٣ و لەو کاتەی ئەمریکا و هاوپەیمانان هێرشیان کردە سەر عێراق و لە سنوورەکانی ئێران نزیك بوونەوە دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی، هەوڵەکانی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی ڕاگرتووە. دیارە رژیم کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو هەولانەی ڕاگرتووە لە ترسی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی بووە و بەو کارەیان ویستوویانە هەڕشەکان و فشارەکانی ئەمریکا لە سەر خۆیان کەم بکەنەوە. لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین، کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی رژیم هەول بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیان لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕاگرتووە، لە چاکەی خۆیان و بیرکردنەوەی دروستی خۆیان نەبووە، بەڵکوو لە ترسی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی بووە و کاتێك هەست بەو ترسە نەکەن، چڕتر و خێراتر دەست بە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دەکەن.

لەلاییێکی دیکەوە، نابێ ئەو راستیە لە بیر بکەین، کە دەسەڵاتداری ئاخوندەکان ماوەی ١٨ ساڵ بە نهێنی و دوور لە چاوی ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆمی و کۆمەڵگەی جیهانی، گەڵاڵەی ئەتۆمیان لە چەند شوێنی ئێران درێژە پێ دەدا، ئەو هەوڵ چالاکیانەی رژیم شاراوە بوون، تا ئەو کاتەی شۆرای میللی مقاومەتی ئێران ناوەندە نهێنیە ئەتۆمیەکانی رژیمی ئاشکرا کرد. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەگەر رژیمی ئاخوندی مەبەستی لە بەرنامەی ئەتۆمی بۆ لایەنی عیلمی و پیشەسازیە، بۆ بە شاراوەیی و دوور لە چاوی جیهانیان درێژەی پێ دەدا.

داماوی و تێ نەگەیشتوویی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ئەوەیە دڵیان بەو ڕاپۆرتە خۆش کردوە و ناوەرۆکەکەی بە قازانجی خۆیان و بەریی بوونیان لەو تاوانانەی دەخرێتە پاڵیان لە هەوڵ بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دەزانن، لە حاڵێکدا ئەو ڕاپۆرتە، سەرچاوەییێکی حاشا هەڵ نەگرە، بۆ دەرخستنی ئەو مەترسیانەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە داهاتوودا بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانی دروستی دەکا. ناوەندە جیهانیەکان و وەڵاتانی خاوەن هێزیش دەبێ ئەو راستیەیان لە بەر چاو بێ رژیمێك کە ١٨ ساڵ بە نهێنی درێژەی بە گەڵاڵەی ئەتۆمی داوە و ماوەییێك هەوڵی بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی داوە، هیچ کات ناکرێ متمانەی پێ بکرێ.

بۆیە زۆربەی کارناسانی سیاسی باوەڕیان وایە بڵاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، سەرەتاییێك دەبێ بۆ فشاری زیاتر بۆ سەر رژیم و دەرخستنی زۆر راستی شاراوە لە گەڵاڵە نهێنیە مەترسیدارە ئەتۆمیەکانی رژیمی ئاخوندی، دوو ڕێگەش لە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانیدا هەیە، یان ئەوەی ڕێگە بدەن ئەو رژیمە بۆمبی ئەتۆمی دروست بکا و مەترسیەکان قەبوڵ بکەن، یان ئەوەی بە بڕیارێکی جیددی و کاریگەر رووبەرووی بویستنەوە و نەهێڵن بۆمبی ئەتۆمی دروست بکا.

ئەوە بەو مانایە کە ڕێگەی سێهەم وجوودی نیە، ڕێگەییێك کە لێ گەڕێن رژیم لە ژێر ناوی بەرنامە و گەڵاڵەی ئەتۆمی بە ناو ئاشتیخوازانە درێژە بە کارەکانی بدا. چونکە دەرکەوت رژیم مەبەستی سەرەکیی گەڵاڵە ئەتۆمیەکانی، لایەنی سەربازی و هەوڵە بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمیە.

***

# لە ئێران ٣ ملیۆن منداڵ لە خوێندن دابڕاون




ڕێکخراوی پشتیوانی لە منداڵان سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ( یونیسف )، لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆی دا کە ڕۆژی دووشەممە ١٩ی سەرماوەز دەری کردوە ڕایگەیاندوە،( جیهان دەبێ زیاتر هەوڵ بۆ دروست کردنی جیهانێکی باش بۆ منداڵان بدا ) ئەمە لە حاڵێکدایە کە ماوەییێك پێش ئێستا، هەڵسوڕاوێکی مافی منداڵان لە ئێران ڕایگەیاند بوو کە لە ئێستادا سێ ملیۆن منداڵ لە ئێران وازیان لە خوێندن هێناوە.

هەرلەم بارەوە، ئەنجومەنی کۆمەڵناسی لە ئێران ڕۆژی چوار شەممە ١٤ی سەرماوەز، کۆبوونەوەیێکی بەناونیشانی ( هاوفکری پێوەند بە مافەکان و کێشەی منداڵان ) بە ئامادەبوونی چەندین ڕێکخراوی نا حکومی هەڵسوور لەو بارەوە بەڕێوە برد.

کەیهان زیایی مێهر، هەواڵی دا کە ( لە ئێستادا سێ ملیۆن منداڵان وازیان لە خوێندن هێناوە ). کەیهانی زیایی مێهر، هەڵسووڕاوی مافی منداڵان و بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ( رویش نهال جوان )، لە درێژەی قسەکانی خۆیدا وتی: وازهێنانی کچان لە خوێندن، زۆرترە لە کوڕان، چونکە کوڕان بۆ خۆیان واز دەهێنن، بەڵام کچان، لەبەر کێشەی دارایی خانەوادە، ناچارن واز لە خوێندن بێنن، ئەو کچانە یا لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا دەبێ شوو بکەن یا دەبێ چاودێری منداڵانی دیکەی خانەوادەکەیان بکەن.

بەڵام شێرزاد عەبدوالڵهی، کارناسی فێرکردن و بارهێنان لە ئێران، لە ووتووێژێکدا لەگەڵ ڕادوێ فەردا وتی: ژمارەی ئەو منداڵانەی لە ئێران وازیان لە خوێندن هێناوە لە ملوێنێك و ٧٠٠ هەزار تا سێ ملیۆن و نیو دەبن.

بە وتەی عەبدوالڵهی، هێندێ جار ناوەندە حکومەتیەکانی وەك ناوەندی پەروەردە خێر خوازیەکان لە ژمارەی سێ ملیۆن و نیو دەدەن بۆ دابین کردنی پوول وازیان لە خوێندن هێناوە.ئەویش بە مەبەستی پاشقوڵ دان و خواردنی پوولە.

بەپێی ڕێکەوتن نامەی مافی منداڵ، دەبێ منداڵان وەك هەموو هاو وەڵاتێك بناسرێن.

بەڵام زیایی مێهر لە قسەکانیدا، وتی: منداڵان لە ئێران مافی هاو وەڵاتیان پێ نادرێ، بەڵکو وەك ئەندامی خانەوادە حیسابیان بۆ دەکرێ. بە شێوەییێك ئەگەر خانەوادە لە پێداویستی بێهداشتی بێ بەش بێ، منداڵیش بێ بەشە، ئەوەیە کە نابێتە هاو وەڵاتی. کەوایە مافیشی نیە.

بەشی ٢٨ی کنوانسیۆنی مافی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ساڵی ١٣٧٠ ڕژیمی ئاخوندیش واژۆی کردوە، دەڵێ: هەموو منداڵێك تا تەمەنی ١٨ ساڵ مافی خوێندن و بارهێنانی هەیە.

بەڵام هۆی چیە کە بەشێك لە منداڵان لە نیوەڕێدا واز لە خوێندن دەهێنن.

شێرزاد عەبدوالڵهی دەڵێ: یەکێك لە هۆکانی واز هێنان لە خوێندن، جیاوازی زمانی دایکی لەگەڵ زمانی ڕەسمیە. بەپێی قسەکانی ناوبراو، لە هێندێ ناوچەدا بە تایبەت لە ساڵەکانی سەرەتای خوێندندا، ئەم جیاوازیە دەبێتە هۆی دواکەوتن و وازهێنان لە خوێندن.

عەبدوالڵهی، مەسەلەی کۆمەڵایەتی و کەلەپووری بە یەکێك لە هۆکانی وازهێنان لە خوێندن زانی، وەك لە هێندێك لە دێهاتەکاندا قوتابخانە بۆ پلەکانی سەرەوە نیەو خانەوادەکانیش ناهێڵن کچەکانیان بچنە شارو شارۆچکەکان یا دێهاتەکانی تر تالە پرۆسەی خوێندن بەردەوام بن.

کارناسان وازهێنان لە خوێندن دەگێرنەوە بۆ هۆیێکی دیکە کە ئەویش فەقیریە، منداڵانی دەورووبەری شارەکان و منداڵانی سەر شەقام لەو منداڵانەن کە بەهۆی فەقیریەوە لە خوێندن دواکەوتوون. شێرزاد عەبدوالڵهی، توندوتیژی لە قوتابخانە و فێرکردن و بارهێنانی خراپ بە هۆیێکی گرینگ بو وازهێنان لە خوێندن دەزانن.

یەکێك لە شیعارەکانی یونسکۆ، ( کاری سەرەکی منداڵان خوێندنە ) بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەو هۆیانەی کە بۆ وازهێنانی منداڵان لە خوێندن باس دەکرێ، کۆمەڵناسان باس لە هۆیێکی دیکەش دەکەن ئەویش گۆڕانی بیرکردنەوەیە. بە وتەی لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵایەتی، ( گۆڕانی بیرکردنەوە ) هۆی سەرەکیە بۆ وازهێنان لە خوێندن.

هێندێك لە خانەوادەکان بەتایبەت لە بارەی کوڕەکانیانەوە، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە ژیانی لە داهاتوودا ( خوێندن ) نیە.

***

# کۆبونەوەی شوفیرانی سەواری نێوان شارەکان لە بەردەم ئوستانداری کرماشان



رۆژی یەکشەممە ٢ی بەفرانبار، ژمارەیەك لە شوفیر سەواریەکانی نێوان شارەکانی کرماشان، لە نارەزایەتی بە بەرگرتن لە درێژەی کارەکانیان، لە بەردەم ئوستانداری کرماشان کۆبونەوەیەکیان رێك خست.

لە بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممەوە، مەئمورانی پۆلیسی رێگای کرماشان بە بیانوی دانەنانی ژمێریار بۆ حیساب کردن لە سەر ئوتۆمبیلەکان، پیشگیریان لە هات و چۆی ئەوان کردوە، بەلام شوفیران رایانگەیاندوە کە توانای دانی ٢٥٠ هەزار تمەنیان بۆ دانانی ئامیری "G.P.S" نیە.